لیژنەی ئاسایش و بەرگری چەند ڕەنماییەک بە هێزە ئەمنیەکان دەردەکات لەبارەی ڕاوی ماسیەوە

لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چەند ڕەنماییەکی نوێی بە سزای توندی ئەو کەسانە ئاڕاستەی هێزە ئەمنیەکان کرد کە لەڕێگەی تەقەمەنیەوە لە ڕوبار و دەریاچەکان ڕاوی ماسی دەکەن.

یاسر ئەسکەندەر وتوت ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، "بەکارهێنانی ماددەی تەقەمەنی، کە لە ناوخۆدا بە ناوی جۆراوجۆر ناسراوە، بە گرتنی ماسی لە ڕوبار و دەریاچەکاندا دیاردەیەکی نەرێنی و مەترسیدارە کە لە هەندێك ناوچە دەستیپێکردوە و بوەتە هۆی ڕوداوی دڵتەزێن".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەم کارانە نایاسایی و ناشەرعین، مەترسی ڕاستەوخۆ بە سەر ژینگەی ئاوی دروست دەکەن، هەروەها ژیانی ماسیگرەکان خێیان دەخەنە مەترسییەوە، بەهۆی بەکارهێنانی مادەی زۆر تەقینەوە لە بارودۆخێکی ناپارێزراودا، تەنانەت زۆر ڕوداوی بە ئازار هەبون کە ماسیگرەکان لە ئەنجامی ساتەکانی بێباکی و بێبایەخکردن بە مەترسی ئەم

کەرەستانە ژیانی خەیان لەدەستداوە".

ئەوەشیخستەوە، "ڕێنمایی فەرمی بە فەرماندە ئەمنییەکان لە سەرجەم پارێزگاکان دەرچوە، کە پێویستە ڕووشوێنی توند بەرامبەر بە هەر کەسێك بگرنەبەر کە ئەم شێوازانە بەکاربهێنێت بە گرتنی ماسی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەقەمەنی چەکی قەدەغەکراوە، دەبێت دەستبەجێ ڕەکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران بگیرێتەبەر".